www.kurdistannet.org
27-1-2007 21:03 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# نەریتی نەوت و شەقارتە! ... شەهلا یارحوسێنی

جێی داخە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر جار کچ و ژنانی کورد، لەبەر ئەوەی هیچ شتێک یان کەسێکیان نییە پەنای بۆ بەرن، لە رووی ناچاریدا، لە کاتی قەیرانی کۆمەڵایەتیدا، پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن!
ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە خۆمانی تیادا دەبینینەوە و لە بواری یاسایی و شارۆمەندی و لە بوارە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکاندا، وەک ژن، بێدەرەتان هێڵراوینەتەوە و بۆمان نییە داکۆکی لە مافی خۆمان، وەک مرۆڤ، بکەین! هەر لە سادەترین بابەتی وەک پەنابردنی کچ یان ژنێک بۆ باب یان برا یان کەسوکاری دیکە، ئەو کچە یان ئەو ژنە تووشی دڵەڕاوکێ یان گومانێک کە سەرچاوەکەی ترسە، دەبێت. لەبەر ئەوەی کەموکۆڕییەکانی کۆمەڵگای ئێمە کە ریشەیان لە ئایین و دابونەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگادا خۆ دەبینێتەوە، وەک ئەوەی ژن لە بواری ئاوەزەوە لاوازن و هەزار " بیت" و بالۆرەی دیکە، هێندە زۆرن کە جێگا بۆ ئەوە ناهێڵنەوە، لە ویستە مرۆییەکانی ئێمەی ژن، تێگەیشتن هەبێت!
لە کۆمەڵگا ئازاد و دیموکراتیکەکاندا _ با لە سەدا سەدیش نەبێت_ لە زۆر بواردا ژنان مافی وەک یەکیان لە بەرانبەر پیاواندا هەیە. بەڵام بەپێچەوانە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا، نەک هەر مافی وەک یەکیان نییە، بگرە لە لایەن باوک وبرا و تەنانەت ئامۆزاو. . . خەڵکی دیکەشەوە، دەیچەوسێننەوە و بێڕێزیشی پێدەکرێت.
زۆرن ئەو باسە تراژیدیانەی تایبەتن بە ژنان و کچانی کورد و باس لە نەهامەتی و بێدەرەتانی ئەوان دەکەن. من لێرەدا باس لە کارەساتێکی دڵتەزێن و تۆقێنەر لەمەڕ ژنێکی کورد دەخەمە بەر دەست و دیدەی ئێوەی خوێنەر، کە هیوادارم ئەم باسە_هەرچەند، بەداخەوە، خۆسووتاندن ئێستا بووە بە باو لە نێو ژنانی کورددا_ بەنۆرەی خۆی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کارەساتی لەم شێوەیە قەت دووپات نەبێتەوە.
بێگومان هەرهەموومان ئەوە دەزانین کە نێوانی بووک و خەسوو لە کۆمەڵگای ئێمەدا، زۆر جار، ناخۆشە و بەردەوام کێشە لە نێوانیاندا درووست دەبێت.
فرمێسک، کچێکی تەمەن بیست ساڵە، لە لایەن مام و کەسوکارییەوە دەدرێت بە کابرایەک و دەبێت بە هاوسەری. هاوسەرەکەی فرمێسک کە تاقانەی دایەیە _ بە قەوڵ_ خۆشەویستە و ئەوان، واتە ماڵی باوکی زاوا، تاقەتی ئەوە ناهێنن کوڕەکەیان لێیان دوور بێت. پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی دوو ساڵ، فرمێسک لە گەڵ مێردەکەی و کچەکەیان کە تەنیا یەک ساڵ تەمەنیەتی، لە گەڵ ماڵی باوکی زاوادا دەژین، فرمێسک داوای ئەوەی هەیە کە ماڵیان جیابێتەوە لە ماڵی باوکی کوڕە و بۆ خۆیان ماڵێکیان هەبێت. ئەمەش لە لایەن ماڵی باوکی زاواوە، بە تایبەت لە لایەن خەسووەوە، پەسند نابێت. هەربۆیە ئەم ویستەی بووک، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەسوو زۆرجار کێشەی پێبفرۆشێت و نێوانیان بەرەو خراپتربوون بڕوات.
فرمێسک زۆرجار بیر لەوە دەکاتەوە کە لە مێردەکەی جودا بێتەوە و بەو باوەڕەش گەیشتووە کە جودا دەبێتەوە. پاش ئەوەی بەو باوەڕە دەگا کە جوودا دەبێتەوە و لە لاشی روون دەبێت کە کچەکەشی هەمان چارەنووسی خۆی دەبێت و لە ژێر دەستی مام و ئامۆژندا گەورە دەبێت، تاقەتی ئەوە ناهێنێت کە ئەو راستییەی تووش بێت و لە ئاکامدا پەنا بۆ ئەوە دەبات خۆی بسووتێنێت!


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

ئاکامی ئەم داستانە تراژیدییە ئاوای لێدێت کە نەریتی نەوت و شەقارتە جێدەگرێت و ژیانی فرمێسک دەبێت بە خۆڵەمێش و کچە تەمەن یەکساڵەکەشی لەوانەیە چارەنووسی، چاوەروانی هەمان چارەنووسی ڕەشی وەک دایکی بێت لە داهاتوودا و ئەویش سەدانی دیکەی وەک ئەویش ببنە قوربانی ئەو نەریتە پاشکەوتووانەی کۆمەڵگای ئێمە!

ڕێکەوتی 27. 01. 2007 ی زایینی


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.